

# پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلە بۆ قەیرانی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق
## ٩/١٥ هەتا ٢٠١٤/١١/١٥

نەتەوە یەکگرتووەکان

حکومەتی هەرێمی کوردستان/وەزارەتی پلاندانان

**پشتی بارودۆخەکە**
Error! Bookmark not defined.

کۆی ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کورستانی عێراق : .............................. **Error! Bookmark not defined.**

گریمانەی پلاندانان ........................................................................ **Error! Bookmark not defined.**

ئەو بابەتانەی کە دەبێت بە دەست بهێنرێن پێش ٢٠١٤/١١/١٥ ...................... **Error! Bookmark not defined.**

**بارودۆخی ئێستا3**

نیشتەجێبوون ........................................................................ **Error! Bookmark not defined.**

خۆراک ........................................................................ **Error! Bookmark not defined.**

ئاو و پێداویستی خاوێنکردنەوە ........................................................ **Error! Bookmark not defined.**

تەندروستی ........................................................................ **Error! Bookmark not defined.**

پەروەردە........................................................................ **Error! Bookmark not defined.**

**داواکاری دارایی خەملێنراو لە چوار کەرتەکان دەگرێتە خۆ لەلایەن هەرێمی کوردستانی عێراق** Error! Bookmark not defined.

**خشتەی یەکەم – پلانی کەرتەکان: بابەتەکان، چاڵاکیەکان و تەحەددایەکان**
Error! Bookmark not defined.

شوێنی نیشتەجێبوون ........................................................................ **Error! Bookmark not defined.**

ئاو و پێداویستی خاوێنکردنەوە ........................................................ **Error! Bookmark not defined.**

خۆراک ........................................................................ **Error! Bookmark not defined.**

تەندروستی ........................................................................ **Error! Bookmark not defined.**

پەروەردە........................................................................ **Error! Bookmark not defined.**

خشتەی دووەم – لیستی کەمپی ئاوارەکان

Cover Page Photo: Credit OCHA/Iason Athanasiadis

## پشتی بارودۆخەکان

لەوەتەی مانگی ١ی ٢٠١٤، لەو ١,٨ ملیۆنە خەملێنراوەی ئاوارە عێراقیەکان کە هەڵاتوون بەهۆی توندوتیژی و نائارامی، هەرێمی کوردستانی عێراق نزیکەی نیوەی ئاوارەکانی لەخۆگرتووە کە ٨٦٠٠٠٠ ئاوارەن، لە چەند شەپۆلێکی ئاوارەبوون. ئەو خەڵکەی کە تازە ئاوارەبوون لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ ئاوارە لە شەپۆلەکانی پێشووی توندوتیژی لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ و زیاتر لە ٢٠٠٠٠٠ ئاوارەی سوری. ١

ئەو لێشاوە زۆرەی ئاوارەکان لە ماوەیەکی کورت قەیرانێکی گەورەی مرۆیی دروست کردووە و پاڵدەنێت بە سنورەکانی توانای حکومەتی هەرێمی کورستان، نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمەڵگای گەورەتری مرۆیی و لە ڕاستیشدا، خەڵکی هەرێمی کوردستان، پێویستیە سەرەکیەکانی ئاوارەکان پڕ دەکەنەوە. بارودۆخەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە چونکە دانیشتووانی ئاوارەکان لە ڕووبەرێکی بەرفراوانی ئاوارەبوون دەمێننەوە، گەڕۆکن و پێویستیەکی زۆریان بە هاوکاری هەیە.

ئەو پێویستیە زۆرانەی کە لەبەر دەست دان، ئەو سەرچاوە سنوردارانەی کە لەبەر دەست دان،

دەستبەجێیێ دۆزینەوەی چارەسەریەکان پێش دەستپێکردنی وەرزی زستان، ئەم دوو مانگەی پلانی خۆئامادەکردن جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو ئاوارانەی کە زۆرترین زیان بەرکەوتووە لە هەرێمی کورستانی عێراق:

- ئەو ئاوارانەی کە لە قوتابخانەکان دەژین
- ئەو ئاوارانەی کە لە شوێنی کراوەدا دەژین
- ئەو ئاوارانەی کە لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان دەژین

بەتایبەتی و بەپەلەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەریەکان بۆ ئەو ئاوارانەی کە لە قوتابخانەکان نیشتەجێبوون، وە ئەو باڵەخانانە پێویستیان بە چۆڵکردن دەبێت و ئامادە بکرێن بۆ دەستپێکی ساڵی ئەکادیمی دواخراو.
مەبەستی ئەم پلانەی وەڵامدانەوەی بەپەلەی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەنجامی هەوڵێکی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکانە، لەگەڵ بەشداریکردنی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، بۆ دانانی پلانێك لە کاری هەرە سەرەکی بۆ ئەوەی ئەنجام بدرێت لە نێوان ئێستا و ٢٠١٤/١١/١٥ بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە بەپەلەکان بۆ شوێنی نیشتەجێبوون و خۆراك و تەندروستی و ئاو و خاوێنکەرەوە بۆ ئاوارەکان. پەروەردە بریتی یە لە کاری سەرەکی و هەندێ لە ئاماژە سەرەتاییەکانی پێویستیەکان خراونەتە ناو ئەم بەڵگەنامەیە.

لەوە باش تێگەیشتوون کە پێویستی زۆر زیاتر پێویستە ئامادە بکرێن لەم کەرت و ئەو کەرتانە: پێویستی زیاتر و درێژتر لەسەرتاسەری وواڵت پێویستە بۆ پلانی ستراتیژی وەڵامدانەوەی تیمی مرۆیی وواڵت (لەوەی کە ئەم پلانە بریتی یە لە لقێك)، کە بڵاودەکرێتەوە لە سەرەتای مانگی ١٠. ئەم پلانە کارەکەی لە بەرەوپێشچوون دایە و نوێ دەکرێتەوە هەرکە زانیاری نوێ پەرەی پێدەدرێ، بۆشاییەکان پڕدەکرێنەوە، هەتا دوایی.

ئەم بەڵگەنامەیە ئەو خشتانە لەخۆدەگرێت کە وەسفی ئەو سەرچاوانە دەکات کە لە بەردەست دان بۆشاییەکی پاڵپشتی دارایی کە دەگاتە نزیکەی ٣٦٠ دۆلاری ئەمەریکی تەنها بۆ دەستپێشخەریە بەپەلەکان پێش دەستپێکی وەرزی قورسی زستان. هەروەها ئەم پلانە ئاماژەکانی تێدایە لەبارەی تێچووی نرخەکان لەلایەن دەسەڵاتداران هەروەها بابەتە تێروتەسەلەکانی پێویستیەکان، خشتەی کاتەکانی گەیاندنی هاوکاری بۆ ئەو پاڵپشتیە داراییەی کە لەبەر دەستدایە، بۆشاییەکان بۆ هەر چاڵاکیەکی سەرەکی، بۆ هەر یەك لەو چوار کەرتەی کە ئەم پلانە نیشانیان دەدات.

هۆکارێکی تر بریتی یە لە بەردەوامی ناکۆکی لە نێوان حکومەتی فیدراڵی بەغدا و دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کورستان سەبارەت بە پێدانی مووچەکانی فەرمانبەران کە چەند مانگێکە نەدراون و چارەسەری هاوکاری پاڵپشتی بودجە بۆ هەولێر. بابەتی تێروتەسەلی زیاتر لەسەر ئەم بۆشاییە لە بەشێکی جیاواز باسی لێوە کراوە.

ئەم پلانە ڕەنگدانەوەی کەرتەکانی تر و پرۆژەکانی کە پێویستە بەردەوام بێت یان زیاد بکرێن نیە، نە ڕەنگدانەوەی فریاگوزاریە بۆ هەر ئەگەرێکی تری شەپۆلی ئاوارەبوون، نە ڕەنگدانەوەی گەڕانەوەیە. گفتوگۆیەکانی نێوان دەسەڵاتداران و هاوکارانی مرۆیی لەسەر ئەو بابەتانە بەردەوامیان هەیە.

## کۆی ژمارەی ئاوارەکان کە لە هەرێمی کوردستانی عێراق دان:

وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران ڕاهێنانێکیان جێبەجێ کرد بۆ دەستنیشانکردنی حالەتە کۆکراوەکانی خەڵکانی ئاوارەبوو لەسەرتاسەری هەر سێ پارێزگاکانی باکور، کە ڕێککەوتوون لەلایەن بەرژەوەند خوازان. ئەو ژمارانە خەملێنراون؛ ڕاهێنانیکی تۆمارکردنی هاوبەش زۆر پێویستە بۆ ئەوەی زۆرتر کاریگەری هەبێت لە پڕکردنەوەی پێویستیە مرۆییەکان بەتایبەتی بۆ ئافرەتان و منداڵان.

لەو ١,٨ ملیۆن خەڵکەی ئاوارەی کە لە عێراق خەملێنراون کە ئاوارەبوون لە وەتەی سەرەتای ساڵی ٢٠١٤، ٨٦٢٠٠٠ ئاوارە یان ١٤٣٨٠٠ خاوەن ماڵ لە هەرێمی کورستانی عێراق هەن. شاری دهۆك زۆرترین ژمارەی ئاوارەی هەیە کە دەگاتە (لەسەدا ٦٣) دوابەدوای هەولێر کە دەگاتە (لەسەدا ٢٠) و سلێمانیش کە دەگاتە (لەسەدا ١٦).

تۆمارکردنی ئاوارەکان لە کەمپەکان و لە دەرەوەی کەمپەکان ئامێرێکی زۆر گرنگە بۆ بریاردان لە بۆشاییەکان و پێویستیەکان. هەتا پرۆسەیەکی بەتوانای تۆمارکردن کۆتایی پێدێ، کۆی بۆشاییەکان و پێویستیەکان نادیار دەبن.

### گریمانەکانی پلاندانان

- هیچ شەپۆلێکی بەرچاوی ئاوارەبوون لە ئارادا نابێت لە نێوان ئێستا و ٢٠١٤/١١/١٥؛
- بارودۆخی ئەمن و ئاسایش وەکو خۆی بەبێ گۆران دەمێنێتەوە و ئاوارەکان پێناچێت بگەڕێنەوە بۆ شوێنی زێدی خۆیان لە ٣ تا ٦ مانگی داهاتوو؛
- حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکان سەرچاوەی پێویست وەردەگرن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە دەستنیشانکراوەکانی ناو ئەم پلانە؛
- کۆمەکیەکان و ماددەکان یان لە ڕێگای ناوەخۆ ئامادە دەکرێن یان لە ڕێگای هەوڵەکانی دەرەوە.
- سەرچاوەکانی کەرتی تایبەتی بۆ دڵنیاکردنەوەی وەڵامدانەوەیەکی ڕێك و پێك.

### ئامانجەکانی کە دەبێت بەدەستبهێنرێن هەتا ٢٠١٤/١١/١٥

1 -نزیکەی ٣٩٠ ئاوارە کە زیانیان بەرکەوتووە چارەسەری شوینی نیشەجێبوونیان بۆ دابین دەکرێت پێش دەستپێکی وەرزی زستان؛
2 -ئاوارەکان دەستیان دەگات بە خزمەتگوزاریە سەرەکیەکان، لەوانە ئاو و خاوێنکەرەوە و تەندروستی و خۆراك پێدان و قوتابخانەکان و خۆراك؛
3 - کاریگەری ئەم قەیرانە لەسەر دابین کردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان بۆ کۆمەڵگای خانەخوێ بچوککراوەتەوە.
4 - هەموو ئاوارەکانی ناو قوتابخانەکان دەگوازرێنەوە بە زووترین کات بۆ ڕێگەدان بە قوتابخانەکان تاوەکو نۆژەن بکرێنەوە و ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٥/٢٠١٤ دەست پێبکات.
5 - لە تۆمارکردنی هەموو ئاوارەکان کارە سەرەکیەکان دادەنرێن.

## بارودۆخی ئێستا

### شوێنی نیشتەجێبوون

دابین کردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ ئاوارەکانی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بریتی یە لە گرنگترین پێویستی مرۆیی. متمانەی بەرز بەهۆی ئەوەی کە خەڵکی کوردستان دەرگای ماڵەکانیان بۆ ئاوارەکان کردۆتەوە، نیشتەجێکردنی زیاتر لە یەك لەسەر سێ ی دانیشتووانی ئاوارە لە شەپۆلە سەرەتاکانی ئاوارەبوون. هەروەك توانای هەڵمژینی کۆمەڵگا خانەخوێکان خنکێنکراوە، دواهەمین ئاوارەبوون ئەوەی بەخۆیەوە بینیوە کە خەڵکی ناچارکراون هەڵبژاردەی جیاواز هەڵبژێرن وەکو باڵەخانە تەواونەکراوەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمیەکان، سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئاوارەکان و ئامادەکاریەکانی مەترسی تر. لە کۆی دانیشتووانی ئاوارەبوو لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەسەدا ٤٥ ئەو ئاوارانە ئێستا لە ئامادەکاریەکانی شوێنی مەترسی دەژین. ئەو ژمارانە باشترین خەملاندن دەکەن کە لەبەر دەستدان لە ڕاهێنانی تۆمارکردن.

دانیشتووانی ئاوارە بە شێوەیەکی گەلێك زۆر گەڕۆکن و لە ڕووبەرێکی بەرفراواندا بڵاوبوونەتەوە لە زیاتر لە ١٠٠٠ شوێن. لە ژێر وەها بارودۆخێکدا، پێویستە کە ژمارەیەکی زۆری نزیکبوونەوەکان لەبەرچاو بگیرێن بۆ پڕکردنەوەی پێویستیە بەپەلەکانی نیشتەجێبوونی ئاوارەکان. هاوکارانی گروپی نیشتەجێبوون ئەو خێزانانە دیاری دەکەن کە لە قوتابخانەکان و شوێنی کراوە و پارکەکان و باڵەخانە تەواونەکراوەکان و شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمی دەژین لە بارودۆخی ستانداردادی ژیان و گوزەران و لەگەڵ دەستگەیشتنی ناتەواو بە خزمەتگوزاریەکان لەوانە ئاو و خاوێنکردنەوە.

گروپەکـانی کە زۆرتـرین مەترسـیان لەسـەر لەوانە کەمانەتەوایەتیەکـان لەگەڵ کەمێـك یـان هـیچ پەیوەنـدیەکی دامەزراو لەگەڵ کۆمەڵگـا خانەخوێکـان یـان لە بـارودۆخی زۆر ئـاڵۆز کە لەوانەیە ببێـتە هـۆی برینـی سـەختی دەروونـی و تونـدوتیژی لەسـەر بنەمـای ڕەگەزی.

پلەکانی ئەوپەڕی گەرما لە هەرێمی کوردستان (پلەکانی گەرما کە لە ٤٥ پلەی گەرمی تێدەپەڕێنێت)، و پلەی گەرمی ژێر سفریش لە وەرزی زستان، پێکەوە گرێدراون لەگەڵ بارودۆخی نیشتەجێبوونی ناڕێك، مەترسی تەندروستی بەرچاو دروست دەکات بەتایبەتی بۆ گەنج و بەتەمەن و ئافرەتی دووگیان و کەسانی خاوەن پێداوستی تایبەت.

کارەکانی وەرزی زستان دەبێت بخرێتە ناو پلانی وەڵامدانەوەی مرۆیی لە دەستپێکەوە. بۆ دڵنیاکردنەوەی کۆمەکی پشتبەستراوی نیشتمانی و هەرێمی و نێودەوڵەتی زۆر پێویستە بۆ ستراتیژی پلانی وەرزی زستانە بەهۆی ئەوەی کە داواکاریەکانی بەرچاوی شوێنی نیشتەجێبوون و کەل و پەلەکان هەن.

### خۆراك

هەندێ لە دەسەڵاتداران ڕاپۆرتیان کردووە کە بارگرانیەکی زۆریان لەسەرە بەهۆی پێویستی بۆ دابین کردنی هاوکاری خۆراك بۆ ئاوارەکان بەهۆی ژمارەی ئاوارەکان و شوێنەکانی بڵاوبوونەوەی ئاوارەکان. زۆربەی ئاوارەکان لە نەبوونی ئاسایشی خۆراك و پێشبینی دەکرێ وا بمێنێتەوە بۆ داهاتوو. ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی دەستی کرد بە زیاد کردنی هەوڵەکانی دابەشکردنی خۆراك بە بەکارهێنانی تێکەڵەیەك لە پارچەی خۆراکی خێزانی، وەڵامدانەوەی خۆراکی بەپەلە و چێشلێنانی مەیدانی بە خزمەتکردنی ژەمی گەرم.
بەتەنها لە مانگی ئابدا، ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی هاوکاری خۆراکی دابین کرد بۆ ٥٥٠٠٠٠ خەڵك. دەسەڵاتدارانی ناوەخۆ و دەزگا خێرخوازیەکان خۆراکیان بۆ ٢٥٠٠٠٠ ئاوارە دابین کرد. بەدوای هەوڵی زیاتر دەگەڕێن تاوەکو بخرێتە سەر پلانەکە بۆ دڵنیاکردنەوەی کە نەك تەنها خۆراکی ستانداردی ٢١٠٠ کیلۆ کالۆری بۆ هەر کەسێك بۆ هەر ڕۆژێك دڵنیاکراوەتەوە بەڵام ئەوەش کە هەڵبژاردەکان دۆزراونەتەوە بۆ گەرەنتی دان بە دەستپێشخەریە تەواوکاریەکان لەوانە هاوکاری دارایی و پسوولەی پارە. لەگەڵ ئەوەشدا، فریاگوزاری پێویستە

بنیات بنرێت بۆ ئامادەکاری هەر جولەیەکی لەناکاوی ئاوارەبوون.

### گروپی ئاو و پێداویستی خاوێنکەرەوە

لێشاوی زیاتر لە ٨٥٠٠٠٠ ئاوارە بۆ ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بە شێوەیەکی خراپ توانای دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی تاقیکردۆتەوە و بۆ هاوکارانی مرۆیی تاوەکو ئاوی خاوێن و خاوێنکردنەوە بۆ دانیشتووانی زیان بەرکەوتوو دابین بکەن. بە درێژایی ماوەکەی ئەم پلانە، هاوکاران ڕۆڵیان هەبووە لە دەستپێشخەریەکانی ئاو و خاوێنکردنەوە کە ٥٣٠٠٠٠ کەسیان کردە ئامانجی خۆیان لە کۆی دانیشتووانی ئاوارەبوو کە لەگەڵ ستاندارەکانە.

### تەندروستی

زیادبوونی خێرای دانیشتووانی ئاوارە بارگرانی خستۆتە سەر ئەو خزمەتگوزاریە تەندروستیانەی کەلەبەر دەست دان (هەردوو خۆ پاراستن و چارەسەری)، دەرمان و کۆمەکیە پزیشکیەکان و هەبوونی سەرچاوە مرۆییەکان، بەتایبەتی لە ئەستۆگرتنی ئەو ڕاستیەی کە زنجیرە کۆمەکیەکانی لە بەغدا هەن پچڕێندراوە، مووچەکانی فەرمانبەرانی تەندروستی چەندین مانگە لەسەر یەك نەدراون.

لەگەڵ زۆربەی ئاوارەکان کە لە بارودۆخی مەترسیداردا دەژین:

- ژمارە و ڕووداوەکانی نەخۆشیە گواستراوەکان وەکو (ووشکبوونەوە و هەوکردنی گورچیلە و تای گران و سۆریکە و هەتا دوایی) زیادبوونی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە؛
- ئەو خەڵکەی کە دەناڵێنن بە دەست نەخۆشیە درێژخایەنەکان وەکو (نەخۆشی شەکرە و زەخت و هەتا دوایی) دەستگەیشتنی سنورداریان هەیە بۆ چارەسەری.
- جولانەوەی زۆر و کەمی زانیاری لەبارەی خزمەگوزاریە تەندروستیەکان ئاوارەکان بێ بەش دەکەن لە دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ئافرەتانی پاش دووگیانی.
- بارودۆخەکە زنجیرەیەکی گەڵێك زۆر لە فشاری دەروونی خستۆتە سەر دانیشتووانی ئاوارە و زۆربەیان دەناڵێنن بەدەست دوای پاڵەپەستۆی برینی سەخت.
- ئەو ئەرکەی لەسەر شانی سیستەمی تەندروستی ئێستا هەیە بەشێوەیەکی زۆر کاردەکاتە سەر هەبوونی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگا خانەخوێکان.

### پەروەردە

ململانێیەکە کاریگەری خستۆتە سەر زیاتر لە ٧ ملیۆن خەڵك و ١,٨ ملیۆن زیاتر لە ٨٦٠٠٠٠ ئاوارە ئاوارەی هەرێمی کوردستانی عێراق بوون. لەو ژمارانە، ژمارەیەکی خەملێنراوی ١٢٩٠٠٠ کە منداڵانی خوار تەمەنی ٥ ساڵین و خەملاندنی ٣٤٤٠٠٠ منداڵی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی.

پەروەردە بریتی یە لە کاری سەرەکی بۆ نیشتەجێ و دانیشتووانی ئاوارە و بریتی یە لە توخمێکی سەرەکی بۆ دەستنیشانکردنی ئەو برینەی کە منداڵان دووچاری بوونەوە لە مانگەکانی ڕابردوو بەهۆی ململانێ. شکستهێنان لە چارەسەرکردنی تەحەددایە پەروەردەییەکان مەترسی بارگرژی کۆمەڵایەتی زیاد دەکات.
پلانەکە تەنها تێچووی سەرەتایی بۆ نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان کە لە کاتی ئێستادا لەلایەن ئاوارەکانەوە داگیر کراون. تێچووی کارکردن بۆ پەروەردە بۆ ئاوارەکان و منداڵانی زیان بەرکەوتووی تر لەماوەیەکی کەم لەبارەیانەوە بریار دەدرێت.

## داواکاری پاڵپشتی دارایی خەملێنراو لە هەر چوار کەرتەکان کەوا پلانی ئۆپەڕاسیۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیگرێتە خۆی

ئەمەی خوارەوە بریتی یە لە خشتەیەك کە ئاماژە بە تەواوی داواکاریە بەپەلەکان دەکات بۆمامەڵەکردنی پێویستیە بەپەلەکانی کەرتە سەرەکیەکان. تێروتەسەلی بابەتەکان، کارەکان و تێچووی بودجە و چالاکیەکان ئاماژە دەکەن لە پلانەکانی کەرتەکان. زانیاری زیاتر لەسەر خەرجی خەملێنراو لەلایەن دەسەڵاتداران بۆ هاوکاریکردنی حالەتە کەڵەکەبووەکانی ئاوارەکانیش ئاماژە دەکەن لەم بەشە.

**خشتەی ١ : داواکاری پاڵپشتی دارایی لە هەر چوار کەرتەکان کە لەلایەن پلانی ئۆپەڕاسیۆن دەگرێتە خۆی ئەمانەن:**

| (دۆلاری ئەمەریکی) بۆشایی | کەرت |
|---|---|
| ٢٨٨ ملیۆن | نیشتەجێبوون |
| ٢٠ ملیۆن | ئاو و خاوێنکەرەوە |
| *سفر | خۆراك |
| ٣٠،٥** ملیۆن | تەندروستی |
| ٢٠ ملیۆن | پەروەردە |
| ٣٥٨,٥ ملیۆن | کۆی گشتی |

*

ئەگەر سیستەمی دابەشکردنی گشتی دووبارە دەستپێبکات، سەرچاوەکانی ئێستا بۆ خۆراك بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێنێتەوە لە ماوەی ئەم پلانە. ئەمە تەنها بەشە خۆراکی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی دەگرێتەوە و نە خۆراکی تەواوکاری** بودجە بۆ کەرتی تەندروستی کەم دەکرێتەوە بۆ ١٦,٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی ئەگەر تەرخانکردنی تەواوی دەرمانەکان لەسەر ئاستی حکومەتی فیدراڵ وەربگیرێت. زیاتر کەم دەکرێتەوە بۆ ١١,٥ ،ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی ئەگەر وەزارەتی تەندروستی حکومەتی فیدراڵ هەڵبستێ بە دابین کردنی دەرمانەکان و تێچووەکانی بەشێك لە هەڵمەتەکانی کوتان بگرێتە ئەستۆی خۆی.

دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیخەملێنن کەوا تێچووی بۆ هەر ئاوارەیەك بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نزیکەی ٢٨٢ دۆلاری ئەمەریکی دەبێت بۆ هەر کەسێك بۆ هەر مانگێك. ئەمە خزمەتگوزاریەکانی پاڵپشتی لەخۆدەگرێت وەکو ئاسایش، هاوکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ. سەرچاوەکانی حکومەتی ناوخۆ بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانی ئاوارەکان زۆر ماندووبوون.

**خشتەی ٢: تێچووی خەملێنراوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ ئاوارەکان (دۆلاری ئەمەریکی)**

| جۆری خزمەتگوزاری | تێچووی کەس / مانگ | ژمارەی ئاوارەکانی ئامانجکراو | تێچوو/مانگ | تێچوو بۆ دوو مانگ |
|---|---|---|---|---|
| پاراستنی ئاسایش و سیاسەت | 38 | 850,000 | 32,300,000 | 64,600,000 |
| تەندروستی | 35 | 850,000 | 29,750,000 | 59,500,000 |
| خۆراك | 21 | 500,000 | 10,500,000 | 21,000,000 |
| پێویستیە سەرەکیەکان لەوانە کارەبا و بەنزین و, کیرۆسین و بەڕێوەبردنی کەمپ | 105 | 390,000 | 40,950,000 | 81,900,000 |
| خاوێنکردنەوەی ئاو و پێداویستیەکان لەوانە بەستنەوەی تۆڕەکانی ئاو | 47 | 500,000 | 23,500,000 | 47,000,000 |
| پەروەردە | 36 | 250,000 | 9,000,000 | 18,000,000 |
| **کۆی گشتی** | **282** | | **146,000,000** | **292,000,000** |

بودجەكانی كە لەسەرەوە ئاماژەیان پێكراوە ئەگەری چارەسەرێكی ئەرێنی لەبەرچاو ناگرێ لەبارەی بەردەوامی گفتوگۆیەكانی نێوان دەسەڵاتدارانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ هاوكارانی سەر ئاستی حكومەتی فیدڕاڵ لە بەغدا سەبارەت بە پێدانەوەی مووچەكان، دواكەوتنی هاوكاری بودجە، بنیاتنانی كەمپەكان و هەر هاوكاریەك سەبارەت بە حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ قەرەبووكردنەوەی پاشكۆكانیان لەجیاتی ئاوارەكان. هەروەك لەم نووسینەدا، تێروتەسەلی چالاكیەكان و ئەو پاڵپشتیە داراییەی كە لەبەردەست دایە، كاتی سنوردار، هەتا دوایی. لە وەها هاوكاریەك كە بەبێ ڕوون و ئاشكرایی دەمێنێتەوە. چارەسەری ئەو كێشانە بەشێوەیەكی زۆر هاوكاری پلاندانان و پرۆگرامدانانی مرۆیی دەكات.

یەك هۆكاری تر كەوا هاوكاری دەكات لە دابین كردنی هەوڵەكان بریتی یە لە گریمانەی هاوكاری حكومەتی فیدڕاڵ بۆ زیاتر لە ٤٠٠٠ پڕۆژەی سەرەكی ژێرخان كە ڕاوەستێنراون بەهۆی هەڵپەساردنی هاوكاری حكومەتی فیدڕاڵ. ئەگەر ئەو پڕۆژانە پاڵپشتی دارایی بكرێن، دەبێتە هۆی زیادكردنی دەرفەتەكانی ئیش و كار كەوا ئاوارەكان سوودی لێدەبینن هەروەها كاریگەریەكی ئەرێنی دەبێت لەسەر دابین كردنی خزمەتگوازاریەكان بۆ زۆربەی ئەو دەستپێشخەریانە كە پەیوەندیدارن بە بنیاتنانی خزمەتگوزاریە تەندروستیەكان وەكو كۆمەكی ئاو و كارەبا و هەتا دوایی.

## پاشكۆی یەك – پلانی كەرتەكان: ئامانجەكان و چاڵاكیەكان و تەحەددایەكان

### نیشتەجێبوون

#### كارە سەرەكیەكان

- ئەو خێزانانەی كە لە قوتابخانەكان دەژین
- ئەو خێزانانەی كە لە شوێنی كراوە و پاركەكان دەژین
- ئەو خێزانانەی كە لە باڵەخانە تەواونەكراوەكان و چۆڵكراوەكان نیشتەجێن و لە شوێنی نیشتەجێبوونی نافەرمی و ژێر بارودۆخی گوزەرانی ستاندارد دەژین و بە تەواوی دەستیان ناگات بە خزمەتگوزاریەكانی وەكو ئاو و خاوێنكردنەوە.

#### ئامانجەكان

- لە ٢٠١٤/١١/١٥ ، ٣٩٠٠٠٠ ئاوارە كە زۆرترین زیانیان بەركەوتووە هاوكاری شوێنی نیشتەجێبوونی تەواو و كەل و پەلەكانی ناو ماڵ وەردەگرن.
- لە كۆتایی مانگی ١١، ٤٨٠٠٠٠ كەس (٨٠٠٠٠ خێزان) پاكێتی وەرزی زستان وەردەگرن كە توانایان پێ دەدات بۆ تێپەڕاندنی وەرزی زستان (لەوانە ئەوانەی كە لە كۆمەڵگا خانەخوێكان دان)؛
- دڵنیاكردنەوەی ئاوارەكان كە لە قوتابخانەكان دەگوازرێنەوە بۆ شوێنی نیشتەجێبوونی جێگرەوە تاوەكو رێگە بە قوتابخانەكان بدات بە دەستپێكردنەوە و قوتابخانەكان نۆژەن دەكرێنەوە بە گوێرەی كارێكی هاوبەشی گواستنەوەی قوتابخانە و پلانی نۆژەنكردنەوە.

#### ستانداردەكان

- هەموو كەسە زیانبەركەوتووەكان كەمترین شوێنی نیشتەجێبوونیان هەیە كە دەكاتە ٣,٥ مەتر چوارگۆشە بۆ هەر كەسێك.
- توانادان بە جیاكردنەوەی سەلامەت و خسوسیەت وەكو لە نێوان رەگەزەكان داواكراوە، لە نێوان گروپی تەمەنە جیاوازەكان و لە نێوان خێزانی جیاواز لەناو خودی خاوەن ماڵێك داواكراوە.
- هەموو كەسە زیانبەركەوتووەكان دەستیان دەگات بە شوێنی نیشتەجێبوون و كەل و پەلی ناو ماڵ بۆ بارودۆخەكانی كەش و هەوای دیاریكراو بۆ هەموو وەرزەكان وەكو پلەی گەرمی بێ وێنە و ئاڵوگۆركێ و پاراستن؛
- هەموو كەمپەكان ئاسایشی شەقامەكان و كارەبایان بۆ دابین دەكرێت.

#### كارەكانی كە داواكراوە

٢٦ شوێنی كەمپەكان كە دەستنیشانكراون لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆ لە هەر سێ پارێزگاكان (لە دهۆك ١٦ و لە هەولێر ٥ و لە سلێمانیش ٥) لەگەڵ توانای لەخۆگرتنی ٢٢٤٠٠٠ خەڵك. رێكخراو هەنگاوی بەرەو پێشەوە ناوە بۆ بنیاتنانی پێنج كەمپ لەو ٢٦ كەمپانە. چارەسەریەكانی شوێنی نیشتەجێبوونی تر، لەوانە پارچە زەوی بۆ بنیاتنانی كەمپی زیاتر، پێویست دەبێت كەوا دەستنیشان بكرێت لەلایەن دەسەڵاتداران بەهەماهەنگی لەگەڵ هاوكارانی گروپی نیشتەجێبوون.

**خشتەی سێیەم: كارەكانی گروپی نیشتەجێبوون**

| بۆشایی | پلانەكان | بارودۆخی ئێستا | كارنامە |
|---|---|---|---|
| ئەگەر هەموو كەمپەكان بنیاتبنرێن، توانای لەخۆگرتنیان بریتی یە لە ٢٢٤٠٠٠ كە بۆشاییەك بەجێدێڵێ بە ١٦٦٠٠٠ ئاوارە. ئەوش ئەوانە دەگرێتەوە وەكو كەمپەكان و هەر چارەسەرێكی تری شوێنی نیشتەجێبوونی جێگرەوە. كە ٢٥٣ ملیۆن دۆلارە | نزیكەی ١٧٣٠٠٠ ئاوارە كەوا نیشتەجێدەكرێن لە كەمپەكان ئێستا لەوێن یان كەمپەكان لە ژێر بنیاتنان دان | ٣٥٥٠٠ كەس ئێستا لە ناو كەمپەكان نیشتەجێن | **١ چارەسەری نیشتەجێبوون بۆ ٣٩٠٠٠٠ ئاوارە** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بۆشاییەکی خەملێنراو هەیە لەبارەی ٢٤٠٠٠٠ پێداویستی – ٣٥،١ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی | ٢٤٠٠٠٠ ئاوارە پێداویستیەکانی وەرزی زستانەیان وەرگرتووە بە گەیشتن بە ٣٠ مانگی ١١ | سفر | ٢ پێویستیەکانی وەرزی زستانە بۆ ٤٨٠٠٠٠ ئاوارە |

**خشتەی چوارەم. خشتەی کاتی بۆ کارەکانی گروپی نیشتجێکردن بۆ ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستدان.**

| لە ١١/١٥ | لە ١٠/٣١ | لە ١٠/١٥ | لە ٣٠ ئەیلول | |
|---|---|---|---|---|
| 44,000 | 52,000 | 30,000 | 47,000 | **نزیکەی ١٧٣٠٠٠ ئاوارە نیشتەجێدەکرێن لە کەمپەکان کە تەواوبوونە یان لە ژێر بنیاتناندان** |
| 240,000 | | 0 | 0 | **٢- ٢٤٠٠٠٠ ئاوارە پێداویستی وەرزی زستانەیان وەرگرتووە** |

**تەحەددایەکان/ نیگەرانیەکان/ کێشەکان**

- دەستنیشانکردنی سەرچاوەکان و شوێنەکان بۆ ١٦٦٠٠٠ ئاوارە بۆ ئەوانەی کە چارەسەری شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ نەدۆزراوەتەوە
- ژمارەی سنوردار و تواناکانی هاوکاران لە گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان.
- هەماهەنگی
- هاوکاری و پلاندانانی حکومەتی ناوەندی
- کۆت و بەندەکانی کات و خێرایی خشتەی کاتی پەرەپێدانی کەمپەکان.

## ئاو و پێداویستی خاوێنکەرەوە

### ئامانجەکان

بۆ ئامانجی بەپەلەی دانیشتووانی ٥٣٠٠٠٠ ئاوارە

- ئەوانەی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە دەستیان دەگات بە ئاوی زۆر و تەواو بۆ خواردنەوە و چێشتلێنان و بەردەوامی دان بۆ پێداویستی شەخسی.
- ئەو ئاوارانەی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە دەستیان دەگات بە خاوێنکردنەوە و چارەسەریەکان، کە بەشێوەیەکی کلتوری گونجاوە، ئەمن و ئاسایشی هەیە و پرکەرەوەی پێداویستیە، کە گونجاوە بۆ ڕەگەزەکان و لەوانە لەناو خودی ژینگە پەروەردەییەکان
- دانیشتووانی زیانبەرکەوتوو ئاووئاوەڕۆی زۆر گرنگ وەردەگرن کە پەوەندیدارن بە زانیاری ڕێگری لە نەخۆشی و بەتایبەتی ووشکبوونەوە.

### کارە سەرەکیەکان

- ئامانجی سەرەتایی کەسەکان کە لە قوتابخانەکانن و بەبێ شوێنی نیشتەجێن. دووەمین ئامانج بریتین لەوانەی کە لە باڵەخانە تەواونەکراوەکان و سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئاوارەکانن؛
- ستراتیژیەکان بۆ خێراکردن لە دابین کردنی خاوێنکردنەوە
- هەماهەنگی کردن لە توخمێکی بەهێزتری بەرزکردنەوەی هۆشیاری پێداویستی
- خێراکردن لە جێبەجێ کردنی خزمەتگوزاریەکانی ئاووئاوەڕۆ لە کەمپەکان
- زیادکردنی هەماهەنگی لەسەر ئاستی حکومەت، لەوانە لەسەر ئاستی ئامانجکردنی پێناسەی ڕێك وپێکی پێویستیەکان و پۆلینکردنی کارە سەرەکیەکان.

## ستانداردەکان

دەستپێشخەریە بەپەلەکانی فریاگوزاری ئاووئاوەڕۆ لەسەر هێڵ دەبێت لەگەڵ ستاندارەدە سەرەکیەکان

- تەوالێتەکان: ٥٠ خەڵك بۆ یەك تەوالێت لە وەڵامدانەوەی بەپەلە. کاتێك هەمووی تەواو دەبێت ئەوا دەبێتە ٢٠ خەڵك بۆ یەك تەوالێت
- ئاو: ٢٠ لیتر بۆ هەر کەسێك بۆ هەر ڕۆژێك وەکو کەمترین بڕ. دەبێتە ٥٠ لیتر بۆ هەر کەسێك بۆ هەر ڕۆژێك
- باڵخانەکانی خۆششتن: ٥٠ خەڵك بۆ یەك شوێنی خۆششتن بۆ وەڵامدانەوەی بەپەلە. کاتێك هەمووی تەواو دەبێت ئەوا دەبێتە ٢٠ خەڵك بۆ یەك شوێنی خۆششتن.

## کارەکان

لەدوای ڕاوێژکردنەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، ئەمەی خوارەوە بریتیە لە چوارچێوەی دەستپێشخەریەکانی گروپی ئاو و ئاوەڕۆ تا ٢٠١٤/١١/١٥، لەگەڵ بودجەکانی کە خەملێنراون لەوانە. جێبەجێکردنی تێروتەسەلی زیاتر لە پلانەکان تەنها لەسەر ئاستی حکومەت دەتوانرێت ئەنجام بدرێت و لەگەڵ تێکهەڵکێشکردنی گروپەکانی تر، بەتایبەتی گروپەکانی نیشتەجێبوون و پەروەردە.

**خشتەی پێنجەم: کارەکانی گروپی ئاوو ئاوەڕۆ**

| کارەکان | بارودۆخی ئێستا | پلانەکان | بۆشایی |
|---|---|---|---|
| هەفتەی یەکەم. دابین کردنی ئاو لە کەمپەکان بۆ ٥٣٠٠٠٠ خەڵك | ٣٣٠٠٠٠ خەڵك کە دەکاتە ١,٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی | ١٦٠٠٠٠ خەڵك کە دەکاتە ٤,٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی | **٤٠٠٠٠ خەڵك کە دەکاتە ١ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی** |
| هەفتەی دووەم. دابین کردنی ئاسانکاریەکانی خاوێنکردنەوە بۆ ٥٣٠٠٠٠ خەڵك | ١٢٧٠٠٠ خەڵك کە دەکاتە ٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی | ٢٦٠٠٠٠ خەڵك کە دەکاتە ١١ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی | **١٤٣٠٠٠* خەڵك کە دەکاتە ١٨,٤ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی** |
| هەفتەی سێیەم. دابین کردنی کۆمەکیەکانی پاك و خاوێنی و بەرزکردنەوەی هۆشیاری پاك و خاوێنی بۆ ٥٣٠٠٠٠ خەڵك | ٣٢٥٠٠٠ خەڵك کە دەکاتە ١,١ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی | ٥٣٠٠٠٠** خەڵك کە دەکاتە ١,٨ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی | **١٨٠٠٠٠ خەڵك کە دەکاتە ٠,٦ دۆلاری ئەمەریکی** |

* ئەمە بۆشاییەکە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی خاوێنکردنەوە لە کەمپەکان لەسەر هێڵ لەگەڵ ستانداردەکان کە ١:٥٠ هەتا ئەم بۆشاییە زیاتر دەبێت، بە خەملاندنی ٣٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی، ئەگەر ئێمە بجولێین بەرەو دابین کردنی خزمەتگوزاری بۆ ٢٠ خەڵك: ١ باڵخانە. پاڵپشتیەکی بۆشایی تر بۆ چاککردنەوە و دابینکردن دەژمێردرێن لە هانگاوێکی دواتر بە پشت بەستن بە ئەنجامەکانی چاودێریکردن.

** لەگەڵ ئەو پاڵپشتیەی کە لەبەردەستدایە بە لەخۆگرتنی تەواو هەتا ٢٠١٤/١٠/١٥ گەرەنتی دەدرێت. ئەوە حالەتەکە نیە بۆ مانگەکانی داهاتوو.

**خشتەی ٦: خشتەی کاتی کارەکانی گروپی ئاووئاوەڕۆ بۆ ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستدان**

| | لە ٣٠ /٩ | لە ١٠/١٥ | ١٠/٣١ | ١١/١٥ |
|---|---|---|---|---|
| هەفتەی یەکەم. دابین کردنی ئاو **(نەك خەڵك)** | 360,000 | 410,000 | 450,000 | 490,000 |
| هەفتەی دووەم. دابین کردنی خاوێنکردنەوە **(نەك خەڵك)** | 195,000 | 263,000 | 331,000 | 387,000 |
| هەفتەی سێیەم دابین کردنی کۆمەکیەکانی پاك و خاوێنی و بەرزکردنەوەی هۆشیاری پاك و خاوێنی **(نەك خەڵك)** | 325,000 | 530,000 | 530,000 | 530,000 |

### تەحددایەکان/نیگەرانیەکان/کێشەکان

- توانای پڕکردنەوەی پێویستیەکانی دانیشتووانی دەرەوەی کەمپەکان لەوکاتەی دامەزراندنی کەمپەکان لە هەمان کاتدا؛
- دڵنیاکردنەوەی هەموو لایەنەکان کە ڕێککەوتوون لەسەر نەخشەی ئاسانکاریەکانی گرووپی ئاووئاوەڕۆ لەسەر هێڵ لەگەڵ ستانداردەکان
- هەماهەنگی لە نێوان هەڵبژاردنی کەمپ و بنیاتنانی شوێنی نیشتەجێبوون و جێبەجێکردنی پێکهاتەکانی گرووپی ئاووئاوەڕۆ
- پێشبینی کراوە لەماوەی کەمپەکان – ناوەند بۆ ستراتیژی درێژ خایەن. دڵنیاکردنەوەی چارەسەریەکانی ماوە درێژ خایەن بۆ تێچووەکانی ئۆپەڕاسیۆنەکان و چاککردنەوە.
- پێناسەکردن و پۆلینکردنی کارە سەرەکیەکان لەبارەی ئاوارەکانەوە.

### خۆراك

هەندی لە دەسەڵاتداران ڕاپۆرت دەکەن کەوا ئەستەمە هاوکاری گونجاو بگەیەنرێتە دانیشتووانی زیان بەرکەوتوو، و نەبوونی ئەمن و ئاسایش و ئاوارەبوون پێشبینی دەکرێ بەردەوام بێت لەسەرتاسەری وڵات بۆ چەند ماوەیەکی داهاتوو.

### کارە سەرەکیەکان

- زیادکردنی هەماهەنگی لەسەر ئاستی مەیدانی
- سەرنج ڕاکێشان بۆ تۆمارکردنی ئاوارەکان
- پێویستیەکانی ئاسایشی خۆراکی دانیشتووانی ئاوارە، کۆمەڵگای خانەخوێ و ئاوارە سوریەکان کە بوونیان هەیە لەوێ.
- چاودێریکردنی لە نزیکەوە لەبارەی کاریگەری ئەو قەیرانەی کە هەیە لەسەر ئابوری ناوەخۆ.
- دابین کردنی تەباغەکان بۆ هەموو خێزانە ئاوارەکان بۆ دڵنیاکردنەوەی کە گواستنەوەیەکی ڕێك و پێك لە ژەمە گەرمەکان و بۆ خۆراکی ووشك کە ڕێگە دەدات بە خێزانەکان تاوەکو بۆ خۆیان چێشت لێبنێن
- دەبێ حکومەت دڵنیایی بکاتەوە لە دابین کردنی نەوت بۆ تەباغەکان
- بەشدارییپێکردنی زانیاری سەبارەت بە کارەکانی حکومەت بۆ باشترکردنی هەماهەنگی و کاریگەری وەڵامدانەوە.

### گریمانەکان

هەتا ١١/١٥ – ئەو ماوەیەی کە پلانی وەڵامدانەوەی بەپەلەی ئاوارەکانە – ئەگەری سێ سیناریۆ بە ئەنجام گەیەنراون لەمانەی خوارەوە، لەگەڵ سیناریۆی سەرەتایی کە ئاماژەی پێکراوە لەسەرەوە.

### سیناریۆی ١ ـ لە دوو مانگی داهاتوو بارودۆخی مرۆیی بە سەقامگیری دەمێنێتەوە

**خشتەی ٧ ـ کارەکانی گرووپی خۆراك**

| بۆشایی | پلانەکان | بارودۆخی ئێستا | کارەکان |
|---|---|---|---|
| لەسەدا ٥ی بۆشایی پڕکراوەتەوە بەهۆی باشتربوونی دەستگەیشتن | ٦٦٧٠٠٠ ئاوارە هاوکاری کراون لەلایەن ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی، و ١٢٥٠٠٠ کەس هاوکاری کراون لەلایەن دەسەڵاتداران، ٥٠٠٠٠ کەس هاوکاری کراون لەلایەن ڕێکخراوە | هاوکاری خۆراك بۆ ٨٤٢٠٠٠ کەس دابین کراوە بۆ هەر مانگێك | هاوکاری خۆراك بۆ ٨٦٠٠٠٠ کەس (کۆی پێویستی) |

| | | ناحکومیەکان و ئاژانسەکان بۆ هەرمانگێك | |
|---|---|---|---|

**خشتەی ٨. خشتەی کاتی بۆ کارەکانی گرووپی خۆراك بۆ ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەست دان**

| | لە ٣٠ ئەیلول | لە ١٠/١٥س | لە ١٠/٣١ | لە ١١/١٥ |
|---|---|---|---|---|
| **هاوکاری خۆراك بۆ ٨٦٠٠٠٠ کەس (خەڵك)** | 842,000 | 860,000 | 860,000 | 860,000 |

**خشتەی ٩: هاوکاری گرووپی خۆراك پلانی بۆ دانراوە کە بگەیەنرێت لەلایەن رێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی لە نێوان**

**١٥/ئەیلول تاوەکو ١١/١٥ (هیچ ئاوارەیەك و مانگێك)**

| پارێزگا | پارچەی خۆراکی خێزانی | IRR* | C&V | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| **دهۆك** | 370,000 | 10,000 | 50,000 | **420,000** |
| **هەولێر** | 45,000 | 15,000 | 65,000 | **110,000** |
| **سلێمانی** | 49,000 | 25,000 | 88,000 | **137,000** |
| **کۆی گشتی** | **464,000** | **50,000** | **203,000** | **667,000** |

*بەهۆی ئەگەری گواستنەوەی ئاوارەکان بۆ کەمپە نوییەکان لە ماوەی ١٤ی ئۆکتۆبەر و نەك دووجار ژماردن. لەگەڵ ئەوەشدا هاوکارانی تر و ئەندامانی تری گرووپی ئاسایشی خۆراك کە ئەو دەسەڵاتانە و خێرخوازیانە لە خۆدەگرێت بۆ ١٢٥٠٠٠ ئاوارە؛ رێکخراوە ناحکومیەکانی تر و ئاژانسەکان: ٥٠٠٠٠. بۆشایی خەملێنراو: ٣ بۆ ٥ لەسەدایە.

- هاوکارانی گرووپی ئاسایشی خۆراك پارچەی خۆراکی خێزانی دابین دەکات (بڕێکی تەواو بۆ خێزانێکی ٥ کەسی بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ) و بەم بۆنەیەوە خۆراکی وەڵامدانەوەی بەپەلە (بڕێکی تەواو بۆ خێزانێکی ٥ کەسی بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ) بۆ ئەو ئاوارانەی کە هێشتا لە جولەدان، یان بۆ ئاوارە نوییەکان کە دێنە ژوورەوە بۆ ناو حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارەی زۆر.
- هەروەك چێشتلێنەرە مەیدانیەکان جێبەجێ دەکرێن لە دە ڕۆژی داهاتوودا، پارچەی خۆراکی خێزانی زیاتر دابەشدەکرێت لە شێوەی جێگرەوە. هەروەها پێشبینیەك هەیە لەبارەی داواکاریەك بۆ خۆراکی ووشك کەوا کەم بکرێتەوە هەروەك بارودۆخەکە زیاتر سەقامگیر دەبێت
- پرۆگرامی پاڵپشتی دارایی و پسوولەی پارە بە شێوەیەکی باش بەرەو پێشەوە بچێت لە دەستپێکی مانگی ١٠. ئەمەش کاریگەری دەبێت لە کەم کردنەوەی ژمارەی پارچەی خۆراکی خێزانی بە درێژایی ماوەی مانگی ١٠/١ تاکو ٣٠ /١١. پرۆگرامی پسوولەی خۆراك پێشبینی دەکرێ کەوا بگاتە دەستی ٢٥٠٠٠٠ سوودمەندبوو بۆ مانگی یەکەم.

- بانگەشە بۆ پێشنیارەکان دەستی پێکردووە لەسەرتاسەری هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. پرۆگرامێکی پاڵپشتی دارایی و پسوولەی پارە ڕێگە بە ئاوارەکان دەدات کەوا دەستیان بگات بە کەل و پەلە خۆراکیە گونجاوەکان، هاوکاری بازاڕەکانی ناوخۆ و دابین کردنی سەقامگیری و دڵنیایی بۆ سوودمەندبووان و بەرژەوەند خوازان (ناوخۆیی و دەسەڵاتدارانی نیشتمانی و کۆمەڵگای خانەخوێ).

- بۆ ئەوەی ناسەقامگیری خۆراك و خۆراك پێدان کەم بکرێنەوە سەبارەت بە دانیشتووانی زیان بەرکەوتوولەوکاتەی بەهێزکردنی پشتبەخۆبەستن و ژیان و گوزەرانی بەردەوامی ئاوارەکان، و کۆمەڵگا خانەخوێکان، ئەندامانی گرووپی کەرتی خۆراك دەستنیشانی ئەم بابەتانەی خوارەوەیان کرد:
  - زیادکردنی وەبەرهێنانی خۆراکی ماڵی و دڵنیاکردنەوەی داهاتی جوتیارە زیان بەرکەوتووەکان و بەخێوکەرانی ئاژەڵ دەستگەیشتنی تەواویان هەیە بۆ بازاڕ و بۆ توانای وەبەرهێنان.
  - هاوکاری بازاڕی ناوخۆ لە ڕەخساندنی هەلی کار لە هەردوو شوێنەکانی حکومرانی و مەدەنی

- باشترکردنی هەبوونی زانیاری و بەڕێوەبردن سەبارەت بە ژیان و گوزەرانی ئەو دانیشتووانەی کە پێویستیان بە هاوکاریە.

ئەو چالاکیانەی خوارەوە دەستنیشانکراون وەکو بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ بۆ بابەتەکانی سەرەوە:

- هەڵسەنگاندنی پێویستیەکان ئامانجکراوە بۆ دەستنیشانکردنی بەرهەمهێنانی ستراتیژیانە و دەستپێشخەریەکانی کە داواکراوە بۆ بەرزکردنەوە و پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی کشتوکاڵی و دەستنیشانکردنی چالاکیەکان و سوودمەندبووان.
- ڕێگای هەڵسەنگاندنی ئاسایشی خۆراك و ژیان و گوزەران بۆ زانیاریەکی مەزنتر لە ئاستی پارێزگا لەسەر پێویستیەکانی کۆمەڵگا زیان بەرکەوتووەکان.
- شیکاری بازاڕ بۆ هاوکاری کردنی وەڵامدانەوەی باشتری بازاڕ بەم داوایە
- باشتر کردنی ئەو توانەی کەلەبەردەستدان / دابەشکردنی تویەکان وەکو (دانەوێڵە و مەوادی کیمیاوی).
- دابین کردنی هاوکاری تەکنیکی بۆ جوتیارەکان، ڕێکخراوەکانی کە پەیوەندی بە بنەمای کۆمەڵگا، حکومەت و هاوکارانی جێبەجێکار هەیە.
- هەڵمەتی کوتان بۆ مێگەلی ئاژەڵ. باشترکردنی توانای پاراستنی مێگەلی ئاژەڵ لە کۆمەڵگاکانی زیان بەرکەوتووی ململانێ.
- پرۆگرامەکانی پارەی کاش و پاڵپشتی دارایی پارەی کاشی بێ مەرج
- دەستپێکردن و بەهێزکردنەوەی چالاکیەکانی ژیان و گوزەران، بۆ نموونە
  - دووبارە دانانەوەی کۆمەڵگای بەرهەمهێن و هاوکاریکردن لە ڕەخساندنی دەرفەتەکانی دامەزراندن.
  - چالاکیەکانی کۆکردنەوەی داهات بۆ کۆمەڵگا خانەخوێکان و باشترکردنی داهاتی چالاکیەکانی کۆکردنەوەی بازاڕی پیشەسازی لە ڕێگەی پەیوەندی بازاڕی ئامانجکراو، نوێکردنەوەی لێهاتوویی ناوەرۆکی بەڕێوەبردن و چالاکیەکانی پلاندانانی ئیش و کار.
  - هاوکاری کردنی دامەزراندن و یان چالاککردنی گروپەکانی وەبەرهێنان و پیشەسازیەکانی کشتوکاڵی
  - هاوکاری کردنی حکومەت لە تۆمارکردنی ئاوارەکان و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکانی دانانی ئیش و کار
  - دانانەوە و پرئامێرکردنی سەنتەرەکانی ڕاهێنان لە کۆمەڵگا ئامانج کراوەکان بۆ نوێکردنەوەی لێهاتوویی مەشق و ڕاهێنان و تەکنیك و لێهاتوویی لە کەرتی بازاڕ بۆ گروپە سوودمەندبووەکان، و دەستنیشانکردنی ڕاهێنەران.

## سیناریۆی ٢ – هەموو ئاوارە زیان بەرکەوتووەکان گواستراونەتەوە بۆ ناو کەمپە پێشنیار کراوەکان و چارەسەریەکانی تری شوێنی نیشتەجێبوون

لەم سیناریۆیەدا، ١٢٠٠٠٠ پارچەی خۆراکی خێزانی بۆ هەر مانگێك دابەشدەکرێت. پرۆگرامەکانی پارەی کاش و پسوولەی پارە بەڕێوەدەبردرێ لەگەڵ دابەشکردنی خۆراك هەتا پرۆگرامی پارەی کاش و پسوولەی پارە شوێنی هاوکاری جۆری خۆراك دەگرێتەوە لەو شوێنەی کە دەکرێت. هەروەها ئەم سیناریۆیە ڕۆڵی دەبێت لە دانیشتووانێکی ئاوارەی سەقامگیر. هەروەك بۆشاییەکان و پێویستیەکان باشتر دەستنیشان دەکرێن، زیادکردنێك لە جۆری هاوکاری دابین دەکرێت.

دانیشتووانی کەمپی سەقامگیر ڕێگە بە جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی چاککردنەوەی ژیان و گوزەران دەدات کە ئەویش ڕێگە بە دانیشتووانی هاوکاریکراو دەدات کەوا کەمتر سەربەخۆبن لەسەر بەردەوامیدان بە هاوکاری خۆراك. پرۆگرامەکانی ژیان و گوزەران پێشوەختە لە قۆناغی سەرەتایی دان، و لە توانای دەبێت بە گەیاندنی هاوکاری بەردەوامی زیاتر.

## سیناریۆی ٣ – ڕووبەڕێکی بەرفراوانی لێشاوی ئاوارەکان بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق

هەروەك لەگەڵ ئەزموونی پارێزگای دهۆك نیشاندرا، بەرزکردنەوەیەکی خێرای پێویستیەکانی خۆراك بۆ ژمارەیەکی زۆر بۆشاییەکان دروست دەکات و تەسك دەبێتەوە. لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی پێشوو، ژمارەی خەمڵێنراوی ئاوارە نوێیەکان کە گەیشتوون دەگاتە نزیکەی ٥٠٠٠٠٠.

ئایا دەبێ ئەم سیناریۆیە سەرهەڵبدات، وەڵامی سەرەتایی ڕووبەرێکی هاوشێوە دەبێت و سروشتی بنچینەی فریاگوزاری. سەرنجراكێشانی زیاتر دەبێت بکرێت بۆ حالەتە کەلەکەبووەکان لە پارێزگای زیان بەرکەوتوو. بەهۆی فشارێکی بەرچاو کە کاریگەری دەبێت لەسەر کۆمەڵگا خانەخوێکان، دەستپێشخەریەکانی ئێستای ژیان و گوزەران دەبێت زیاد بکرێت.

### تەحددایەکان/ نیگەرانیەکان/کێشەکان

- بارودۆخی خۆراك پێدانی دانیشتووان دەبێت چاودێری بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی بەدخۆراکی لە هەنگاوی سەرەتایی و گەیاندنی خۆراکی چارەسەری بە تایبەتی بۆ منداڵان و ئافرەتان.
- پچرانی چاڵاکیەکانی ئابووری و زیادبوونی فشارەکانی دیمۆگرافیا لەوانەیە ببێتە هۆی دروست کردنی فشار لەسەر دەست گەیشتن بە سەرچاوەکان. مەترسیەکان زیاد دەکات لەبارەی بارگرژیە کۆمەڵایەتیەکان.
- ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستدان/ سەرچاوەی زیاتر داواکراوە.

## تەندروستی

### کارە سەرەکیەکان

- دڵنیاکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و ناوەندی جۆری بەرزی بەردەوام دابین دەکرێن بۆ هەموو ئاوارەکان بەبێ زیان گەیاندن بە خزمەتگوزاریەکانی کە دابین کراون بۆ کۆمەڵگا خانەخوێکان.
- دڵنیاکردنەوەی کوتانی منداڵان و گروپی تەمەنەکانی تر لە دژی ئیفلیجی، سۆریکە و VPDs
- دڵنیاکردنەوەی گەیاندنی سەلامەت و خۆراك پێدان بۆ هەموو منداڵەکان و ئافرەتەکانی نێوان ئاوارەکان.
- دانانی قەبارەکان لەو شوێنە بۆ ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان.

### بابەتەکان

- دابین کردنی کاتی سنورداری خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی ژیان و خزمەتگوزاریەکانی ڕەوانەکردنی پشتپێبەستراو.
- بەهێزکردنی ئەو سیستەمەی تەندروستی کە هەیە تاوەکو بتوانێ وەڵامی ئەو لێشاوە زۆرەی ئاوارەکان بداتەوە. ئەمەش لەوانە ڕێگەبدات بۆ فراوانکردنی باڵەخانەکان، دەستگەیشتن لە ڕووی دەرمان و ئامێر و سەرچاوە مرۆییەکان هەروەها باشترکردنی جۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی کە هەیە.
- بەڕێوەبردنی بەردەوامی دەرمانەکان و زنجیرە کۆمەکیەکانی ئامێر.
- دەستنیشانکردنی کاتی و وەڵامدانەوەی نەخۆشیە گواستراوەکان و بەدخۆراکی.
- دڵنیاکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی کوتان بۆ هەموو دانیشتووانی عێراق لەگەڵ جەختکردنەوەی تایبەت لەسەر ئیفلیجی و سۆریکە.
- ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکان
- چاودێری نەخۆشەکانی نەخۆشی درێژخایەن
- دەستنیشانکردنی پێویستیەکانی دانیشتووانی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە وەکو خانمانی دووگیان و منداڵان
- تەندروستی مێشك و هاوکاری دەروونی بۆ ئاوارەکان

### کارەکان

- هاوکاریکردنی تیمە گەڕۆکەکانی تەندروستی بۆ گەیشتن بە شوێنی ئاوارەکان و دابین کردنی چاودێری پزیشکی بەپەلە داواکراوە (هەتا کەمپەکان دەکرێنەوە و خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی بەردەست دەبێت).
- دابین کردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان لەناو کەمپە پلان بۆ دانراوەکان بۆ ئاوارەکان بۆ دڵنیاکردنەوەی خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی جۆری بەرز دابین دەکرێن لەلایەن ستافی لێهاتوو و ڕاهێنراو.

- بەردەوامیدان بە زنجیرەی کۆمەکی پزیشکی لە دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ پڕکردنەوەی بەپەلەی بۆشاییەکان لە باڵەخانە تەندروستیەکان.
- هاوکاری لە دامەزراندنی ستافی تەندروستی داواکراوی زیاتر بۆ باشترکردنی توانای باڵەخانە تەندروستیەکان بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بارێکی زیاد لەسەر OPDs، لە ژوورەوە و هۆڵەکانی نەشتەرگەری، تاقیگەکان و کۆگاکانی پزیشکی.
- هاوکاری کردنی هەڵمەتەکانی کوتانی نیشتمانی و بە تایبەتی کوتان دژی ئیفلیجی و سۆریکە.
- فراوانکردنی ICUs و یەکەکانی نەشتەرگەری نەخۆشخانە بۆ دابین کردنی چاودێری داواکراو بۆ دانیشتوانی زیاتر لە ڕێگەی دابین کردنی ئامێری پزیشکی داواکراو و کۆمەکیەکانی تر.
- دابین کردنی دەرمانە زۆر پێویستە سەرەکیەکانی کە داواکراوە، ئامێری پزیشکی بۆ باڵەخانە تەندروستیەکانی سەرەتایی و ناوەندی تاوەکو بتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ باری زیاتر و دابین کردنی خزمەگوزاری تەندروستی باشتر.
- دابین کردنی کۆمەکیەکانی خۆپاراستن و چارەسەری خۆراك پێدان.
- دامەزراندنی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ستافی تەندروستی بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی مێشك و فریاگوزاری سەرەتایی بەپەلەی دەروونی بۆ ئاوارەکان لە ڕێگەی فراوانکردنی ئەو تۆڕەی کە لەبەردەستدایە لەسەر ستافی کۆمەڵگا و لەسەر هەماهەنگی تەندروستی بۆ ناو خزمەتگوزاریەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی و ناوەندی لەسەر بنەمای پرۆتۆکۆڵی نیشتمانی تەندروستی مێشك.
- باشترکردنی سیستەمی ئێواران کە هەیە و چاودێریکردنی چالاکی نەخۆشیەکان لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیدار بە تەندروستی گشتی کە دابین کراوە بۆ ئاوارەکان وەکو ( ئاوو خاوێنکردنەوە و خاوێنکەرەوە و دەست گەیشتن بە دابەشکردنی خزمەتگوزاریەکان، مامەڵەی نەخۆشیە گوستراوەکان لەگەڵ جەختکردنەوەی تایبەت لەسەر سۆریکە و ئیفلیجی وVPD و تا و تای گران و کۆنترۆلی ڤایرۆس و کۆلێرا) و لەوانە خۆراك پێدان.
- بەهێزکردن و باشترکردنی سیستەمی زانیاری تەندروستی و میکانیزمی کۆکردنەوەی زانیاری بۆ دڵنیاکردنەوەی دابین کردنی خزمەتگوزاریەکان بۆ ئاوارەکان لە سیستەمەکە ڕەنگی داوەتەوە لەگەڵ خشتەی ڕاپۆرتکردنی هەفتانە و مانگانە لەوانە چاودێری کردنی چالاك و جۆری زانیاری؛ هەروەها بۆ دەست گەیشتن بە تواناکانی باڵەخانە تەندروستیەکان و خزمەتگوزاریە دابین کراوەکان.
- بەهێزکردنی توانای کارمەندانی تەندروستی لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکان و بەڕێوەبردن
- بەهێزکردنی توانای ستافی وەزارەتی تەندروستی بەشی تەندروستی لە پلاندانانی فریاگوزاری، و وەڵامدانەوە و ئامادەباشی.

خشتەی ١٠ ـ **کارەکانی کەرتی تەندروستی**

| **کارەکان** | بارودۆخی ئێستا | پلانەکان | بۆشایی |
|---|---|---|---|
| ١ـدابین کردنی ١٤ نۆرینگەی گەڕۆکی تەندروستی (بە ئامێری تەواو) بۆ بەشی تەندروستی دهۆك | ٤ دانە هەن (٣ دانەیان لە هەولێر و دانەیەکیان لە دهۆکە | ١٠ دانەی تر لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی دابین دەکرێن | سفر |
| ٢. هاوکاریکردنی ١٨ تیمی گەڕۆك کە لەلایەن بەشی تەندروستی دهۆك و سلێمانی دەستپێکراوە | ٢٠ تیم هاوکاریکراون (١٠ تیم لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ١٠ تیم لەلایەن IMC لە دهۆك) | ٢ تیم هاوکاری دەکرێن لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ٦ تی بی تیم لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ پەنابەران هاوکاری دەکرێن | سفر |
| ٣ـدابین کردنی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی سەرەتایی خۆپاراستن و چارەسەری لە کەمپی ئاوارەکان بۆ ئاوارەکان (لەوانە خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی بۆ ئافرەتانی دووگیان بە هەماهەنگی لەگەڵ سندوقی نەتەوە | ٥ نۆرینگەی تەندروستی گشتی بنیاتنراون یان پلانیان بۆ دانراوە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیەکان | سفر | ١٣ نۆرینگەی تەندروستی گشتی لە کەمپە تازە دامەزراوەکان کە تێچووی ٦,٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان) ١٨ نۆرینگەی تەندروستی گشتی پێویستن | | | |
| ٤-هاوکاریکردن لە دامەزراندنی دکتۆرەکان، پەرستارەکان، یاریدەدەرانی تەندروستی خۆپاراستن و پرۆفیسۆرانی تەندروستی کە ژمارەیان دەگاتە (٣٦٠) بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٤٥٣ (٢٥٣) لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ٥٠ لەلایەن سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانشتوان و ٥٠ لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێف و ٥٠ لەلایەن IMC | ٣٦٠ (هاوکاری کراوە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کە پابەندە هەتا مانگی ٣ی ٢٠١٥) | سفر |
| ٥-دابین کردنی دەرمانە زۆر پێویستەکان وەکو ڕێککەوتوون لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی (پلانی بۆ دانراوە بۆ دوو مانگ لەگەڵ بودجەی ئێستا کە لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیەوەیە) | ١ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی دەخملێنرێت کەوا بەشدارییپێکرێت لەلایەن هاوکارانی ترەوە | ١٤ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی |
| ٦-دابین کردنی ئامێری پزیشکی داواکراو و کۆمەکیەکان بۆ کاراکردنی هۆڵەکانی نەشتەرگەری و ICUs | ٢,٥ ملیۆن (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پابەندە پێوەی) | سفر | ١,٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی |
| ٧-بەهێزکردنی سیستەمی زانیاری تەندروستی و کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی چالاککردنی کۆکردنەوەی زانیاری یەکگرتووی ئەلیکترۆنی (پلان بۆ ٦٠٠ نۆرینگەی تەندروستی گشتی دانراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان | ٥٠ نۆرینگە (پێشوەختە لەوێن کە هاوکاری کراوە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی | ٥٥٠ (پلانی بۆ دانراوە – هاوکاری کراوە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ) | سفر |
| ٨-دامەزراندنی ٢٠٠ ستافی تەندروستی مێشك لەسەر بنەمای کۆمەڵگا بۆ دابین کردنی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکانی بەپەلەی دەروونی و مێشك بۆ ئاوارەکان. | ٢٠٠ (لە پلان دایە کە هاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بکات | سفر | سفر |
| ٩-هاوکاریکردن بەشێوەی تەکنیکی و دارایی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵمەتەکانی کوتان دژی ئیفلیجی و سۆریکە (بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونیسکۆ) | ٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی (بودجەی بۆ دانراوە لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێف و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆ دوو مانگی داهاتوو | سفر | ٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی |
| ١٠- هاوکاری چاودێری کردنی جۆری ئاو و پاشماوە پزیشکیەکان (بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسکۆ و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) | ٣ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی کە بودجەی ئامادەکراوە لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێف و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی | سفر | ٢ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی |
| ١١-هاوکاری وەزارەتی تەندروستی و نەخۆشخانەکان لە بەڕێوەبردنی نۆرینگەکانی بەدخۆراکی | ٢,٥ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی کە بودجەی ئامادەکراوە لەلایەن ڕێکخراوی یونیسێف و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی | سفر | ٠,٥ دۆلاری ئەمەریکی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ مليۆن دۆلاری ئەمەریكیە | ٣ مليۆن دۆلاری ئەمەریكی – ئەگەری دەستپێشخەری خۆبەخشانە | ١ مليۆن دۆلار پلانی بۆ دانراوە بۆ ئەم ماوەیە لە ڕێگای ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی | ١٢- ڕێكخراوە ناحكومیەكانی گرێبەست بۆ دابین كردنی خزمەتگوزاری (لە هەر شوێنێك تواناكانی حكومەت سنوردارن) بۆ بەڕێوەبردنی نۆرینگەكانی تەندروستی سەرەتایی لە كەمپەكان و نۆرینگە گەڕۆكەكان |
| سفر | سفر | ٠,٥ مليۆن دۆلار (پلانی بۆ دانراوە لەلایەن ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی | ١٣- هاوكاری كردنی وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ خەزنكردنی كەل و پەل لە كۆگا و گواستنەوەی دەرمانەكان و كۆمەكیەكان |

### خشتەی ١١. خشتەی كاتی بۆ كارەكانی كەرتی تەندروستی بۆ ئەو سەرچاوانەی كە لەبەر دەستدان

| | لە ٣٠ی ئەیلول | لە ١٠/١٥ | لە ١٠/٣١ | لە ١١/١٥ |
|---|---|---|---|---|
| ١-١٠ نۆرینگەی گەڕۆك دامەزراون | 0 | 4 | 4 | 6 |
| ٢-هاوكاری كردنی تیمی گەڕۆك دەستەجەمعی | 20 | 18 | 18 | 18 |
| ٣-خزمەتگوزاریەكانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی لە كەمپەكان<br>پشتدەبەستێتە سەر ڕێكەوتی دامەزراندنی كەمپەكان) | 5 | 3 | 5 | 5 |
| ٤-دامەزراندنی ستاف (دەستە جەمعی) | 453 | 360 | 360 | 360 |
| ٥-كڕینی دەرمانەكان | 0 | 2 | 2 | 2 |
| ٦-ئامێری پزیشكی | 0 | 0 | 0 | 2.5 |
| ٧-بەهێزكردنی كۆكردنەوەی زانیاری | 50 | 150 | 250 | 350 |
| ٨هاوكاری دەروونی بۆ ئاوارەكان | 0 | 0 | 50 | 100 |
| ٩ هەڵمەتەكانی كوتان | $ 5M | 0 | 0 | 0 |
| ١٠-چاودێری كردنی جۆری ئاو و فرێدانی پاشماوەی پزیشكی | 0 | 0.5 | 1 | 1.5 |
| ١١بەڕێوەبردنی نۆرینگەی بەدخۆراكی | 0 | 0.5 | 1 | 1 |
| ١٢-خزمەتگوزاریەكانی ڕێكخراوە ناحكومیەكان بۆ بەڕێوەبردنی نۆرینگەكانی تەندروستی گەڕۆك لە كەمپەكان و نۆرینگە گەڕۆكەكان | $1 M | 0 | 0 | 0 |
| ١٣گواستنەوە و خەزنكردن لە كۆگا | 0 | 0 | 0 | $0.5 M |

### تەحەددایەكان/ نیگەرانیەكان/ كێشەكان

- دەستگەیشتن بە دانیشتووانانی ئاوارەی پەرتەوازەبوو (لەوانە تەحەددای ئاسایش).
- هەبوونی كارمەندی تەندروستی لێهاتوو بۆ دەستپێشخەری لە وەڵامدانەوەی مرۆیی.
- هەبوونی پاڵپشتیەكی دارایی تەواو بۆ پڕكردنەوەی پێویستیەكانی تەندروستی لە كەرتی چاودێری تەندروستی لە دوای ٢٠١٤.

## پەروەردە

ململانێیەکە زیانی گەیاندووە بە زیاتر لە ٧ ملیۆن خەڵك ونزیکەی ١,٨ ملیۆن خەڵکی ئاوارەکردووە، زیاتر لە ٨٦٠٠٠٠ ئاوارە ئاوارەی هەرێمی کوردستانی عێراق بوون. دەوروبەری ١٥٠٠٠٠ ئاوارە بریتین لە منداڵانی تەمەنی نێوان ٤ تا ١٧ ساڵی.

## کارە سەرەکیەکان

- پلاندانان بەیەکەوە لەگەڵ کەرتی نیشتەجێبوون لە نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان دوابەدوای گواستنەوەی ئاوارەکان بۆ شوێنی نیشتەجێ ی سەلامەت و پارێزراو.
- نۆژەنکردنەوە، دووبارە دانانەوە و خاوێنکردنەوەی هەموو قوتابخانەکانی کە لەلایەن ئاوارەکان داگیرکرابوون بەپەلە لە دوای گواستنەوەی ئاوارەکان بۆ شوینی سەلامەت.
- چەسپاندنی ڕەشماڵەکان وەکو باڵەخانەی فێرکردنی ئاوارە، لەوکاتەی کە پۆلە فابریکەیتیەکان بنیات دەنرێن
- فراوانکردنی پۆلەکانی خوێندن لە قوتابخانەکانی کۆمەڵگای خانەخوێ.
- پارێزگاری چروپری، هەوڵەکانی جولەی پەیوەندی کردن و کۆمەڵایەتی بە ئامانجی جولە پێکردنی پارێزگاکان، هاوکاران، کۆمەڵگاکان و بەخشەران و ڕێکخراوەکانی هاوکار بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری لەبارەی ئەو بۆشایی یەی کە هەیە بۆ ئاوارەکان و منداڵانی ناو کەمپ و دەرەوەی کەمپەکان.
- کرین و دابەشکردنی کۆمەکی زۆر پێویستی پەروەردەیی بۆ منداڵان، قوتابخانەکان و مامۆستاکان بۆ دڵنیاکردنەوەی فێربوونی بەردەوام و کەم کردنەوەی ئەو ئەرکەی کەلەسەر شانی دایك و باوکانە بۆ پەروەردە.

## ئامانجەکان

- کەمپەکان دامەزراون و قوتابخانەکان چۆڵکراون و دووبارە نۆژەن کراونەتەوە ڕێگە دەدات بە دەستپێکردنی ساڵی ئەکادیمی ٢٠١٥/٢٠١٤
- قوتابخانەکان دووبارە نۆژەن دەکرێنەوە پێش دەستپێکی ساڵی قوتابخانە
- مامۆستاکان نێردراون و مووچەکانیش دراون
- منداڵان، لەوانە منداڵی کچ و منداڵانی تر، دەتوانن جۆری پەروەردە بەدەستبێنن
- خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی و دەروونی بۆ منداڵان و مامۆستاکان جێبەجێ دەکرێن لە وەڵامدانەوەی پەروەردەیی

## بۆشاییەکان

ئەو سەرچاوانەی کە لەبەر دەستدان سنوردارن بۆ ١١,٢ ملیۆن. ٢٠ ملیۆنی تر داواکراوە بۆ دەستپێشخەریە بەپەلەکان لە دوو مانگی داهاتوودا. پاڵپشتی دارایی زیاتری ماوە درێژ بۆ هاوکاری پەروەردەیی ئاوارەکان و کۆمەڵگا خانەخوێکان تێچووەکەی نیە.

## تەحەددایەکان/نیگەرانیەکان/کێشەکان

- پێناسەکردن و ناردنی مامۆستاکان لە نێوان ئاوارەکان لەوانەیە هەندێ کات بخایەنێت
- هەندێ لە منداڵان لەوانە نیە دەستیان بگات بە دەرفەتی پەروەردە بەهۆی هۆکاری جۆراوجۆر لەوانە ئاستەنگەکانی زمان و جیاوازی لە مەنهەجی خوێندن و ئاڵۆزیەکانی خۆ تۆمارکردن.
- نەبوونی ئەمن و ئاسایش و ئاوارەبوونی زیاتر لەوانەیە کاربکاتە سەر ئامادەبوونی منداڵان لە قوتابخانەکان

## پاشکۆی ٢ ـ لیستی کەمپی ئاوارەکان

خشتەی ١٢. لیستی ٢٦ کەمپەکانی ئاوارەکان دەستنیشانکراون

| ژمارە | شوێن | پێشنیارکراو/*ڕاستەقینە ژمارەی دانیشتووان بۆ هەر کەمپێک (ئاوارەکان) | لە لایەن کێ | خشتەی کاتی |
|---|---|---|---|---|
| | | | | **هەولێر** |
| 1 | بەحرکەی کۆن* | 3,300 | UNHCR/UNICEF | تەواو کراوە |
| 2 | بەحرکەی نوێ | 6,000 | UNHCR/UNICEF | ٢ مانگی تر |
| 3 | شارەوانی عەنکاوە | 4,000 | UNHCR/UNICEF | ٢ مانگی تر |
| 4 | زەوی کشتوکاڵی | 1,800 | UNHCR/UNICEF | تەواو کراوە |
| 5 | نووسینگەی کۆچ و کۆچبەرانی عەنکاوە | 1,500 | MoDM | نازانرێ |
| | **کۆی گشتی لە هەولێر** | **16,600** | | |
| | | | | **دهۆك** |
| 1 | (قەزای زاخۆ) شوێنی توێژینەوەی کشتوکاڵی | 30,000 | Minist. Comm./KRG | نازانرێ |
| 2 | (قەزای ئامێدی) بامەرنێ | 5,880 | UNHabitat | ١ مانگی تر |
| 3 | *(قەزای زاخۆ) باجێت کەندەڵە ١ | 9,000 | UNHCR/UNICEF | تەواو کراوە |
| 4 | *(قەزای زاخۆ) باجێت کەندەڵە ٢ | 5,760 | UNHCR/UNICEF | تەواو کراوە |
| 5 | *(قەزای زاخۆ) شوێنی بەرسڤێ ١ | 15,000 | AFAD | تەواو کراوە |
| 6 | (قەزای زاخۆ) بەرسڤێ ٢ | 10,920 | UNHCR/UNICEF | لە پرۆسەدایە |
| 7 | *(قەزای زاخۆ) ناوچەی دێرابوون | 1,728 | AFAD | تەواو کراوە |
| 8 | *(قەزای شێخان) گەرماوە ١ | 3,840 | UNHCR | تەواو کراوە |
| 9 | (قەزای شێخان) گەرماوەی فراوانکراو | 3,552 | Unknown | نازانرێ |
| 10 | گیرشین | 23,334 | Minist. Comm./KRG | نازانرێ |
| 11 | (قەزای سمێل) کەبەرتو | 20,040 | Unknown | نازانرێ |
| 12 | (قەزای زاخۆ) خادیە | 6,000 | Duhok Governorate | ٢ مانگی تر |
| 13 | *(قەزای سمێل) خانکێ ١ | 8,016 | UNHCR/UNICEF | تەواو کراوە |
| 14 | (قەزای سمێل) خانکێ ی فراوانکراو | 11,520 | UNHCR | لە پرۆسەدایە |
| 15 | (قەزای دهۆك) شوێنی شاریە | 24,000 | AFAD | ١ مانگی تر |
| 16 | شێخان | 7,200 | IHP | ٢ مانگی تر |
| | **کۆی گشتی لە دهۆك** | **185,790** | | |
| | | | | **سلێمانی** |
| 1 | چەمچەماڵ ,مزەفەر | 6,000 | UNHCR/UNICEF | ٢ مانگی تر |
| 2 | کەلار ,قەرەتوو | 6,000 | UNHCR | ٢ مانگی تر |
| 3 | عەربەت | 6,000 | UNHCR/UNICEF | ٣ هەفتەی تر |
| 4 | زەرگویس و سیتەك | 2,400 | نازانرێ | نازانرێ |
| 5 | باینجان | 1,000 | UN-Habitat | ٢ مانگی تر |
| | **کۆی گشتی لە سلێمانی** | **21,400** | | |
| | **کۆی توانای هەموو کەمپەکان** | **223,790** | | |